بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على
أشرف الأنبياء والمرسلين سيدنا ونبينا محمد
ابن عبدالله خير من أرسل للعالمين .. أما بعد

پرسيار/ مەرجەكانى سوعبەتى شەرعى كامانەن؟

١) نابێت هیچ سوكایەتی پیٚ كردنێكی تێدابێت بۆ دین:

چونكه ئەمه یەكێكه له هەڵوەشێنەرەوەكانی ئیسلام خوای گەوره دەفەرموێت: ﴿ولئن سألتهم ليقولن إنما كنا نخوض ونلعب قل أبالله وآياته ورسوله كنتم تستهزئون - لا تعتذروا قد كفرتم بعد إيمانكم...﴾ التوبة/٦٥-٦٦

ابن تيميه رحمه الله دەفەرموێت: ( الاستهزاء بالله وآياته ورسوله كفر يكفر به صاحبه بعد إيمانه ) واته: گاڵتەكردن به خواو ئایەتەكانیو پێغەمبەرەكەی كوفرەو خاوەنەكەی پیٚ كافر دەبێت دوای ئیمان هێنانی

هەروەها گاڵته كردن به هەندێك له سوننەتەكان وەك ئەوەی له ناو خەڵكیدا بڵاوه له گاڵتەكردن به ریش و حیجاب یان كورت كردنەوەی پۆشاك و شتی تری لەمانه..الشيخ محمد بن عثيمين له المجموع الثمين ٦٣/١ دا دەفەرموێت:

( فجانب الربوبية والرسالة والوحي والدين جانب محترم لا يجوز لأحد أن يبعث فيه لا باستهزاء بإضحاك ، ولا بسخرية ، فإن فعل فإنه كافر ، لأنه يدل على استهانته بالله عز وجل ورسله وكتبه وشرعه ، وعلى من فعل هذا أن يتوب إلى الله عز وجل مما صنع ، لأن هذا من النفاق ، فعليه أن يتوب إلى الله ويستغفر ويصلح عمله ويجعل في قلبه خشية من الله عز وجل وتعظيمه وخوفه ومحبته ، والله ولي التوفيق ).

واته: ربوبیەت و پێغەمبەرایەتی و وەحی دین رێزدارو به هیبەتن بۆ هیچ كەسێك دروست نیيه كه یاری پیٚ بكات به گاڵته پیٚكردن و پێكەنین یان سوكایەتی پیٚكردن، خۆ ئەگەر وای كرد ئەوه كافر دەبێت. چونكه ئەمه بەڵگەیه لەسەر سوكایەتی كردن به خوای گەوره و پەیام و كیتابەكانیو شەرعەكەی. وه پێویسته لەسەر هەركەسێك كه ئەمەی ئەنجام دا كه تەوبەی لیٚ بكات چونكه ئەمه له نیفاقه. جا پێویسته تەوبه بكات و داوای لیٚخۆشبوون بكات و كارەكەی چاك بكات و دڵی ئاوەدان بكاتەوه به ترسو گەورەییو خۆشەویستی خوای گەوره.

٢) دەبێت سوبعەتەكه راست بێت:

قال ﷺ : (ويل للذي يُحدث فيكذب ليُضحك به القوم ويل له )رواه أبو داود

واته: وەیل بۆ ئەو كەسەی قسەی درۆ دەكات تا خەڵكی پیٚ بخاته پێكەنین، وەیل بۆ ئەو. وه پێغەمبەری خوا لەم ئاكارو رێگایه ئاگادارمان دەكاتەوه كه زۆرێك له گاڵتەجاڕەكان خویان پێوه گرتووەو دەفەرموێت: (إن الرجل ليتكلم بالكلمة ليُضحك بها جلساءه يهوي بها في النار أبعد من الثريا ) رواه أحمد

واتە: پیاوی وا هەیە قسەیەك دەكات تا خەڵكی مەجلیسەكە بخاتە پێكەنین بەهۆی ئەوەوە فڕێ دەدرێتە ناو ئاگرەوە دورتر لە سورەییا.

## ٣) ڕانەچڵەكاندنی تێدا نەبێت:

بە تایبەت ئەوانەی كە چالاك و بەهێزن یان چەك و پارچە ئاسنێكیان پێیە یان تاریكیو لاوازڤی خەڵكی بە فورسەت دەگرن بۆ ترساندنیان،

عن أبي ليلى قال ( حدثنا أصحاب محمد ﷺ أنهم كانوا يسيرون مع النبي ﷺ، فنام رجل منهم فانطلق بعضهم إلى حبل فأخذه ففزع ، فقال رسول الله ﷺ :(لا يحل لمسلم أن يروع مسلما) رواه أبو داود

واتە: هاوەڵەكانی پێغەمبەر بۆیان باس كردووین كە لەگەڵ پێغەمبەردا دەرۆیشتن لە سەفەرێكدا جا پیاوێكیان خەوی لێكەوت هەندێكیشیان چون پەتێكیان هێناو ترساندیان ئەویش ترسا. پێغەمبەری خواش فەرمووی: حەڵاڵ نیيە بۆ هیچ موسڵمانێك كە موسڵمانیكی تر بترسێنێت.

## ٤) گاڵتەكردن و تانەو تەشەر:

خەڵكی لە هەست و ژیریاندا جیاوازن و شەخسیەتیان لەیەك جیایە، جا هەندێك لە نەفس لاوازەكان- لە وانەی ئەهلی گاڵتە پێ كردن و تانەو تەشەرن- كەسێك شك دەبەن دەیكەنە پەیژە بۆ پێكەنین و گاڵتە پێ كردن و تانەو تەشەر-پەنا بە خوا- كە ئەمەش خوای گەورە نەهی لێ كردووە وەك دەفەرموێت: (يا أيها الذين آمنوا لا يسخر قوم من قوم عسى أن يكونوا خيراً منهم ولا نساء من نساء عسى أن يكن خيراً منهن ولا تلمزوا أنفسكم ولا تنابزوا بالألقاب بئس الاسم الفسوق بعد الإيمان ) الحجرات

ابن كثير لە تەفسیرەكەیدا دەفەرموێت:( المراد من ذلك احتقارهم واستصغارهم والاستهزاء بهم ، وهذا حرام ، ويعد من صفات المنافقين)

واتە: مەبەست بەمە بە كەم تەماشاكردن و بە سووك سەیر كردن و گاڵتە پێكردنە كە ئەمەش حەرامەو بە یەكێك لە سیفەتەكانی مونافیقان دادەنرێت.

وە هەندێك كەس گاڵتە بە رووخسار یان رۆیشتن یان دانیشتنی كەسێك دەكات، كە بەمەبەش خوای گەورە تۆڵە لە كەسی گاڵتە پێكەر دەكاتەوە وە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت:( لا تُظهر الشماتة بأخيك فيرحمه الله ويبتليك)رواه الترمذي

واتە: گاڵتە بە براكەت مەكە گەرنا خوا رەحم بەو دەكات و تۆش تووشی بەڵاو تاقیكردنەوە دەكات.

وە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئاگاداری كردووینەتەوە لە گاڵتە بە خەڵك كردن و ئازاردانیان، چونكە ئەمە رێگای دوژمنایەتیو رق و كینەیە. وەك دەفەرموێت:(المسلم أخو المسلم لا يظلمه ولا يخذله ولا يحقره ، التقوى ها هنا –

ويشير إلى صدره ثلاث مرات – بحسب امرئٍ من الشر أن يحقر أخاه المسلم ، كل المسلم على المسلم حرام ، دمه وماله وعرضه )رواه مسلم

واته: موسڵمان برای موسڵمانه ستەمی لێ ناکات و پشتی بەرنادات و بە سووك تەماشای ناکات، تەقوا لێرەدایە– سێ جار ئاماژەی کرد بۆ سنگی–بەسە بۆ مرۆڤ بە خراپە لەسەری بنووسرێت کە رقی لە برا موسڵمانەکەی بێتەوە، موسڵمان هەموو گیانی لەسەر موسڵمان حەرامە: خوێنی و سامانی و ناموسی.

### ٥– نابێت سوبعەتەکە زۆر بێت و زۆر سوبعەت بکات:

چونکە هەندێك کەس بەم کارەوە زۆر سەرقاڵن و بووەتە خویەك پێیانەوە، کە ئەمەش پێچەوانەی راستیو جدییەتە کە یەکێکە لە سیفەتە دیارەکانی ئیمانداران، وە سوبعەت روخسەتێکە بۆ بەردەوام چالاکی دان بە دەروون.

عمری کوریعبد العزیز رحمه الله فەرمویەتی: " اتقوا المزاح ، فإنه حمقة تورث الضغينة " واتە: خۆتان بپارێزن لە سوبعەت زۆر کردن چونکە گەمژەییەکە ریسوایی لێ دەکەوێتەوە.

ئیمامی النووي رحمه الله فەرمویەتی : " المزاح المنهي عنه هو الذي فيه إفراط ويداوم عليه ، فإنه يورث الضحك وقسوة القلب ، ويشغل عن ذكر الله تعالى : ويؤول في كثير من الأوقات إلى الإيذاء ، ويورث الأحقاد ، ويسقط المهابة والوقار ، فأما من سلم من هذه الأمور فهو المباح الذي كان رسول الله ﷺ يفعله.

واتە: ئەو جۆرە سوبعەتەی کە نەهی لێ کراوە بریتییە لەوەی کە زیادە رەوی تێدایەو خاوەنەکەی لەسەری بەردەوامە، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی زۆر پێکەنین و دڵ رەق بوون و لە یادی خوا دوورت دەخاتەوە، وە زۆربەی کات دەبێتە هۆی ئازارو رق و کینە دروست دەکات و هەیبەت و رێز ناهێڵێت، بەڵام ئەگەر ئەم شتانەی تێدا نەبێت ئەوە موباحەو لەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ کردوویەتی.

### ٦– زانینی رێزو ئاستی خەڵك:

چونکە هەندێك کەس لەگەڵ هەموو کەسێکدا سوبعەت دەکات بەبێ رەچاو کردنی ئەمە. جا زانا پێویستە مافی خۆی بدرێتیو رێزیش بۆ بەتەمەن و مامۆستایان دابنرێت، لەبەر ئەمە پێویستە شەخصییەتی کەسەکان بزانرێت و سوبعەت نەکرێت لەگەڵ کەسی بێ رێزو گەمژەو ئەو کەسانەی نایناسیت،

لەم بارەیەشەوە عمری کوری عبد العزیز دەفەرموێت: ( اتقوا المزاح ، فإنه يذهب المروءة) واتە: خۆتان بپارێزن لە سوبعەت کردن چونکە پیاوەتی ناهێڵێت.

وە سعدی کوریأبی وقاص دەفەرموێت: " اقتصر في مزاحك ، فإن الإفراط فيه يُذهب البهاء ، ويجرّئ عليك السفهاء"

واتە: کەم سوبعەت بکە چونکە زیادەرەوی کردن تیایدا رێز و هەیبەت ناهێڵێت و کەسانی بێ رێز بەسەردا بێ رێزی دەکەن

**٧-پێویستە سوبعەت بە ئەندازەی خویٚ بێت لە چێشتدا:**

**پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ( لا تكثر الضحك فإن كثرة الضحك تميت القلب ) صحيح الجامع ٧٣١٢**

**واتە: زۆر پێمەکەنن چونکە زۆر پێکەنین دلٚ دەمرێنێت.**

**وە عمریکوری خەطاب رضي الله عنه فەرمویەتی: ( من كثر ضحكه قلت هيبته ، ومن مزح استُخف به ، ومن أكثر من شيء عُرف به )**

**واتە: هەرکەس پێکەنینی زۆر بێت هەیبەتی کەم دەبێتەوە، وە هەرکەسێك سوبعەتی کرد سوکایەتی لەگەلٚ دەکرێت. وە هەرکەسێك زۆر شتێك ئەنجام بدات بەوە دەناسرێتەوە.**

فإياك إياك المزاح فإنه
يجرئ عليك الطفل والدنس النذلا

ويُذهب ماء الوجه بعد بهائه
ويورثه من بعد عزته ذلاً

**٨- نابێت باسی پاشملەی خەڵکی (غەیبەت)ی تێدابێت:**

**ئەمەش نەخۆشییەکی پیسە، لای هەندێك کەس بەوە غەیبەتەکەی دەرازێنێتەوە بە شێوەیەکی گاڵتەجاری و سوبعەت دەری دەبڕێت، کە بەمەش هەر بەر فەرمودەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەوێت کە دەفەرموێت: ( ذكرك أخاك بما يكره ) رواه مسلم**

**واتە: غەیبەت بریتییە لە باسکردنی براکەت لە پاشملە.**

**٩- هەڵبژاردنی کاتی گونجاو بۆ سوبعەت کردن:**

**بەوەی لە کاتی گەشت و ئاهەنگی شەوانە، یان کاتی گەشتن بە هاوڕێدا بێت و لەو کاتەدا بە نوکتەیەکی خۆش یان بەسەرهاتێکی سەیر یان سوبعەتێکی کەم پێشوازی لێ بکەیت تا خۆشەویستی لە دڵیدا دروست ببێت و خۆشحاڵ بێت. یان لە کاتی کەڵەکە بوونی کێشەی خێزانیو تووڕە بوونی یەکێك لە هاوسەرەکاندا چونکە سوبعەتی کەم لەو کاتانەدا بێتاقەتییەکان رادەماڵێت و ئاوەکان دەگێڕێتەوە بۆ رێگای ئاسایی خۆی.**

**موسڵمانی بەڕێز:**

**کابرایەك بە سوفیانی کوری عیینەی فەرموو رحمه الله :ئایا سوبعەت رەوایە یان نادروست؟ ئەویش فەرمووی:"** بل هو سنة ، ولكن لمن يُحسنه ويضعه في موضعه " **واتە: بگرە سوننەتە بەڵام بۆ کەسێك ئەی بزانێت و لە شوێنی شیاوو گونجاوی خۆیدا بەکاری بهێنێت.**

**ئەمڕۆش هەرچەند ئوممەتی ئیسلامی پێویستی بە زیادکرنی خۆشەویستییە لە نێوان تاکەکانیداو دەرکردنی بێتاقەتی لە ژیانیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نوقم بووە لە لە لایەنی پێکەنین و سوبعەت بە جۆرێك بووەتە کاڵاو سیمای مەجلیسەکانی و بێداری شەوەکانی، بەمەش چەندان کات فەوتێنراو تەمەنەکان بە زایەدراو لاپەرەکان پڕ کرا لە گاڵتەجاڕی و گەمەو یاری.**

**پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی:**( لو علمتم ما أعلم لضحكتم قليلاً ولبكيتم كثيراً) **واتە: ئەگەر ئەوەی من دەمزانی ئێوە بتانزانیبایە زۆر کەم پێدەکەنین و زۆر دەگریان.**

**لە فتح الباری دا هاتووە :** ( المراد بالعلم هنا ما يتعلق بعظمة الله وانتقامه ممن يعصيه ، والأهوال التي تقع عند النزع والموت في القبر ويوم القيامة)

**واتە: مەبەست بە زانین لێرەدا بریتییە لە گەورە یی خواو تۆڵە سەندنی لەوانەی سەرپێچی دەکەن. وە ئەو نارەحەتیو میحنەتییانەی کە لە کاتی رۆح کێشان و مردن و ناو گۆڕو قیامەتدا هەیە.**

**جا لەسەر موسڵمانی نێرو مێ پێویستە کە دەست نیشانی هاوڕێی چاك و جیدی بکات لە ژیانیدا لەو کەسانەی کە یارمەتی دەری بڕینی کاتژمێرەکانی تەمەنی دونیان بەرەو خوای گەورە چوون بە گەرمیو چەسپاوی. وە لەو کەسانە بن کە پێشەنگیان چاکان و خواناسانە.**

**بیلالی کوری سەعد فەرمویەتی:**( أدركتهم يشتدون بين الأغراض ، ويضحك بعضهم إلى بعض ، فإذا كان الليل كانوا رهباناً)

**واتە: پێیان گەیشتم لە ناو هەموو کەل و پەلەکاندا دەستیان پێوە دەگیرێت و بە دەم یەکەوە پێدەکەنین، بەڵام کاتێ شەو دادەهات دەبوونە راهیب و خواپەرستی راستەقینە.**

**وە پرسیار کرا لە ابن عمر رضي الله عنهما : کە ئایا هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ پێدەکەنین؟**

**فەرمووی:** نعم ، والإيمان في قلوبهم مثل الجبال

**واتە: بەڵێ، وە ئیمان لە دڵەکانیاندا بە وێنەی چیا بوو.**

**جا هەوڵ بدە لەگەڵ ئەو سوارچاکی رۆژو خواپەرستی شەوانەدا بە.**

خوای گەورە ئێمەو ئێوەو دایك و باوكمان بگێڕێت لەوانەی ئەمینن لە ڕۆژی ترسە گەورەكەی قیامەتدا، لەوانەی كە لەو ڕۆژە گەورەیەدا بانگ دەكرێ: (ادخلوا الجنة لا خوف عليكم ولا أنتم تحزنون)

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

عبد الملك القاسم

وەرگێڕانی حەمزە بەرزنجی